# کرۆنۆلۆژیای کوردستان

## 1930 تا 1932

سەرهەڵدانی ئارارات لە باکوری رۆژئاوای کوردستان، ساڵی 1930 دەگاتە ئاستی هەرە بەرزی خۆی. ئێران، کە لە سەرەتاوە خۆی بە دۆستی کوردان نیشان دەدا, ڕێی بە سوپای تورک دا کە بێتە نێو خاکەکەی و لەوێوە هێرش بەرێتە سەر کوردان، هەر بەم هۆیەشەوە بوو کە سەرهەڵدانی ناوبراویش بە شێوەیەکی سامناك سەرکوت کرا.

تۆڵەسەندنەوەکە دیسانیش بێ بەزەیانەتر دەبێ و زیاتر لە 100 روناکبیر لە چومی وان دا دەخنکێندرێن و سەدان گوند بە بومبی سوتێنەر لەناو دەچن، بەڵآم سەرەڕای ئەوانە، سەرهەڵدان هەتا ساڵی 1932 ، لێرە و لەوێ هەر خۆی ڕادەگرێ.